www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 13:36 3-3-2007

## هاتنی وەرزی گەرماو خەست بوونەوەی بۆگەنی قەسابخانەی کۆنی سلیمانی و کۆبونەوەی سەگەل لە مالەکانمان ...!؟ گمۆ رەشید

ئاوەدا نکردنەوەی کوردستان و گەشەپیدانی بۆ چوونە ریزی وولاتانی پیشکەوتوو ئەرکی سەرشانی هەموو هاوولاتیەکی وولات پاریزو نیشتمان پەروەرە، لیپرسراویەتیەکەشی ئەرکی دەسەلاتداران و بەریوەبەرانی وولاتە کە بەدانانی پلان و دیاریکردنی ئامانج و دارشتنی مەبادیئەکانی دوورکەوتنەوە لە خۆ پەرستی و، بیرۆکراتی و بەفیرۆنەدانی کات و. . . . . . . . و هەولدان و کۆلنەدانی بی وچان ئەگەینە ئاوات.

یەکیك لەو پرۆژە گەورەو ستراتیجیانەی کە لەژیر بنەمای ئاوەدانکردنەوەو گەشەپیدانی زیاتری کوردستان لە لایەن حکومەتی هەریم ئیدارەی سلیمانی چەندین سالە هەول و کۆششی بۆ ئەکریت دروست کردنی قەسابخانەیەکی نوی و مۆدیرین بوو بۆ شاری سلیمانی لە گوندی قەرەگۆل کە زیاتر لەسالیکە تەواو کراوە و بری 7 ملیون دۆلاری تیچوە کە جی ی دلخۆشکردن و دەست خۆشیە.

هەروەك ئەزانین کە قەسابخانە کۆنەکەی سلیمانی تەمەنی زیاد لە چل سالەو هیچ مەرجیکی تەندروستی و خاوینی تیا نەماوە و بۆ ئیستای ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتوان و فراوان بوونی ئاسۆیی رووبەری شار. شوینی ئیستای کەوتۆتە ناو کۆمەلیك گەرەکەوەو ئیمەی دانیشتوانی گەرەکەکانی دەوروبەری قەسابخانە کۆنەکە سەرەرای گرفتەکانی کەم ئاو و کارەباو خزمەتگوزاریەکانی تر زۆر لە میژە هاوئاوات بوین لە گەل حکومەت بۆ دروستکردنی قەسابخانەیەکی نوی لەدەرەوەی شارو رووخاندنی قەسابخانە کۆنەکە و رزگاربوونمان لەو بۆگەنەی کەچەندین سالە لوت و میشکمانی پر کردوەو کاسو وری کردوین کە ریژەی خەستیەکەی بەگویرەی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما زیاد ئەکات و بەراستی مرۆ ئارەزووی چونە مالەوە ناکات و رووی میوانداری کەسی نایات لەتەریقیدا

سەرەرای کۆبونەوەی سەدان سەگ و پشیلەو مشك و میرو. . . . . . . هتد لەدەوروبەری قەسابخانەو کۆلان و مالەکانمان کەسیمای شارو تەنانەت لادیشمان پیوە نەماوەو بۆتە هۆی بلاوبوونەوەی چەندین نەخۆشی زیان بەخش لەناوماندا.

خەلکی بەگشتی زیاتر گلەییان لەدواکەوتنی پرۆژەکان و تەواونەبونیانە لەکاتی دیاری کراوی خۆیاندا، خۆشیمان بوو کەئەم پرۆژەیە لەکاتی خۆیدا تەواو بوە، هەرەك بۆ چەندین جار بە ریپۆرتاژی جایاواز لە کەنالە تەلەفزیۆنیەکانەوە بینیمان کە ئەم پرۆژەیە ماوەی سالیکە تەواو بوەو دواهەمینیشیان مژدەی پچراندنی پەتی کردنەوەو بەئیش خستنی بوو پیش سی مانگ لە لایەن پاریزگاری سلیمانی و کاربەدەستانی شارەوە، بەلام بەداخەوە هەر بۆ میدیا و چاوبەستنی دانیشتوانی شار بوو کە ئیمە هەر لە چاوەروانی بەردەوامداین و نازانین هۆی نەخستنە کاری چی یە، بۆتە شوینی نانەوەی هیلانەی کۆترو پەرەسیلکەو چۆلەکەو چەندەها مەلی تر. مرۆڤ بەبینینی زۆر بیتاقەت و پەست ئبیت لەم ئەنجومەنە گەندەلە ی سلیمانی**!؟**

شایانی ووتنە کە قەسابخانەی کۆنی سلیمانی سەر بە سەرۆکایەتی شارەوانی سلیمانی یەو ئامادەباشو بەپەلەیە بۆ هەرچی زوو تیکدانی و رزکارکردنی خەلکی گەرەکانی دەورو بەر و کردنی جیگاکەی بە باخچەو سەوزایی. وە قەسابخانە نویکە سەر بە ئەنجومەنی پاریزگای سلیمانی و دواکەوتنی و کەمتەرخەمی لە خستنە کاری لە ئەستۆی ئەواندایەو پاساوو بیانوی دواخستنی یاسایی نیە. واش دەرئەکەویت باشترین گەندەل لە ئەنجومەنی ئەم پاریزگایەدا بیت بەتایبەتی کەسی یەکەم و دووەم کە هەر خەریکی کۆبونەوەن و بێ ئاگان لە پرۆژەو خزمەت گوزاریەکان بە ژمارەی کۆبونەوەکانی ئەوان بوایە سلیمانی ئەبوو بە پاریس.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.